# پەیڤە باڵدارەکان لە زیندانەوە

بەختیار کەریم



"ئەو دەسەڵاتەی...ڕێگرە لە ئازادیی دەربڕینی بیری مرۆڤ، هاوکات ڕێگرە لە ئازادیی بیرکرنەوەی."
ئیمانۆێل کانت: ڕۆشنگەریی چییە؟

**من لێرە لە ئۆکسفۆرد، پایتەختی روناکبیریی جیهان، وەک پەنابەرێکی نەخوازراو سنووری ئازادییەکانم لەوە فراوانترن کە بەرلە تاراوگەبوونم پێشبینیم کردبێت. وێڕای بەهرەمەندبوون بەم هەموو ئازادییە، لە خولیا و خەمێکی هەمیشییدام بۆ هاونیشتیمانییەکانم (لە نیشتیمان مەبەست زێدە نەک نشینگە) ئەو هاونیشتیمانییانەی کە ئازادییەکانیان زۆر لەوە سنووردارترە شایانی ئاماژەپێدان بێت. لێرە ئازادییەکان بەو ئاسمانە تەڵخەی ئینگلیزدا هەڵدەواسم کە وەک دڵیان هەرگیز هەوری گومانی لێناڕەوێتەوە، بە ئازادییە لە زیندانراوەکانی هاونیشتیمانییەکانمەوە سەرقاڵ دەبم. هاوڕێکەم پێمدەڵێت چیتداوە لە نیشتیمان چیتر ئێرە نیشتیمانی تۆیە؟ بەڵام قەدەری پەنابەر قەدەری مرۆڤێکی وردوخاشە لەنێوان شوێنە جیاوازەکاندا، تاراوگەبوون پەرتبوونێکی ڕۆحیی قووڵە کەلێن دەخاتە نێوان جەستە و ڕۆحەوە. کاتێک هارمۆنییە سرۆشتییەکەی نێوان ڕۆح و جەستە بۆ ئەبەد تێکچوو مرۆڤی تاراووگەبوو بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە لە نێوان زەمینەکانی شاژن، وەک ئینگلیزە پادشاپەرستەکان دەڵێن خودا بیپارێزێت، لەگەڵ ئەو ئاسمانانەی شوناسیان نیە. تاراوگەبوون جۆرێکە لە لەدەستدانی نیشتیمان، نیشتیمان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، وەک سەلمان ڕوشدی لە ئایەتە شەیتانییەکانیدا دەڵێت تاراوگەبوون جۆرێکە لە دابڕان لە خودی زەمین.**

**ئێرە شارێکە کە ڕۆژانێک شەقامەکانی پێگەی شەڕی ئەو جەنگارەوانە بوون کە دەیانوویست یاساکانی خودا لەسەر زەمین بچەسپێنن. لە هەناوی ئەم شارەدا زیندان/مۆزەخانەیەک هەیە کە ڕۆژگارێک باڵی پەیڤی بوێری تێدا دەکرا و کانگای ئەشکەنجەبوو، دەشێت خوێنەرێک بڵێت بۆ ناڵێیت ئاکرێ و قەڵاچوالانی سەدەی بیستویەک، ئەم مۆزەخانەیە یەکێکە لەو زیندانە دێرینانەی لەسەر شێواز و بیناسازیی پانۆپتیکانیزم** (Panopticonism) **بنیاتنراوە. پانۆپتیکانیزم بەکورتی بەمانای (هەموو**

شتێک لەژێر چاودێریدایە) دێت و داهێنانی بیریارێکی وەک جێرەمی بێنسام(Jeremy Bentham) بوو لە ساڵی (1791)دا. بێنسام بڕوای وابوو کە کەسی زیندانیی دەبێت بخرێتە ژێر ڕژێمێکی چاودێریی توونودتیژ و نەپساوەوە، بەڵام دەبێت تەندروستی زیندانیی بپارێزرێت، بە دەربڕینێکی دیکە درێژکردنەوەی تەمەنی زیندانیی لە ئەشکەنجەدا، چونکە بەر لە داهێنانەکەی بێنسام دەگمەن بوون ئەوانەی لە زیندان دەگەڕانەوە، بەڵام بێنسام و پانۆپتیکانیزم لەڕێگای مۆدێرنیزەکردنی ئەشکەنجەوە گەرانتیی ژیان و تەندروستیی زیندانییەکانی دەکرد. دیارە لێرەدا بە مێژووی زیندانەوە سەرقاڵ نابین بەو شێوەیەی میشێل فۆکۆ بۆمان دەگێڕێتەوە تا لەڕێگەی ئەو ئارکیۆلۆجییە لە مێژووی زیندانی مۆدێرندا بنەماکانی شەرعییەت لە چەمکی زیندان و ئەشکەنجە بسەنێتەوە. یان ئاییندەی زیندان بخەینە بەر باس بەو شێوەیەی جۆرج ئۆروێڵ لە (هەزار و نۆسەد و هەشتاوچوار)دا وەک "وریابە براگەورە چاودێرتە" پێشبینیی دەکرد، بەڵکو ڕاگوزەر پیاسەیەکمان بەنێو ئەو زیندان/مۆزەخانەیەدا کرد کە سەردەمێک تاوانبارانێک (لەناویاندا تاوانباری کافکایی) لەژێر چاودێریی کەرەستە تەکنەلۆجیەکانی ئەو/ئەم سەرەدەمەدا بوون، چاودێرییەک کە خۆی لە خۆیدا بەشێکی دانەبڕاوبووە لە ڕژێمی سزای پانۆپتیکانیی. ئەوەی لەم جۆرەی زیندان بەجێماوە مێژوو و یادەوەری ئەو مرۆڤانەیە کە ناڕەوا خرانە ژێر چاودێریی و ئەشکەنجەوە، ئەو مێژوو و یادەوەرییانەش پەیڤە باڵدارەکانی ئەو زیندانییانە دەیانگێڕنەوە کە تەنانەت لە پاش مردنی خاوەنەکانیان هێشتا زیندوون. هەر لەخۆڕا نییە دیکتاتۆرەکان لە پەیڤ دەترسن، چونکێ شێرپەنجەی کوشندەی دیکتاتۆر پەیڤی باڵدارە.

لە پاش بێسەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر و پاشان حوکمدانی بە سی ساڵ زیندانیی زۆر لە نووسەرانی کورد بێدەنگیان هەڵبژارد و لەپشت پەردەی ڕێزەوە خۆیان شاردەوە، ڕێزێک کە بەزۆر دەسەپێنرێت بەسەرماندا و ناچار دەکرێین ڕێز لە کەسانێک بگرین کە ئەو دیو دیوارەکانی زیندان و لە کۆمەڵگا وەدەرنان جێگەیانە و شایانی ڕووڕەشکردنن نەک ڕێز. ئەم پەردەی ڕێزەی نووسەران خۆیانی لە پشتەوە پەنهان دەکەن لە باشترین دۆخدا ئەوپەڕی بێڕێزیە بە مەعریفە و بە کۆی بەهاکانی کۆمەڵگا. بە ڕدێنی کام لەو نووسەرە بەڕێزانە ڕەوایە مرۆڤی کورد بە جاشێکی تۆپیۆ بڵێ شەهید ئەگەرنا ئەوا بە بێڕێز و جنێوفرۆش لەقەڵەم دەدرێت؟ کام نووسەری مەزن لەوانەی ئەم نووسەرە بێدەنگانە پێی ئاشنان لە تاڵانکردنی سەروەتی نەتەوەیەک بێدەنگ بووە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو دەستی ڕێزی بۆ ئەو سەرکردانە بەسنگەوە گرتوە کە بە هەر پێناسەیەک بیانناسێنیت دز و جەردەن؟ لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر یەکێتیی نووسەرانی کورستان، ئەوەی ڕاستیی بێت من هیچ لەسەر ئەم یەکێتییە نازانم ئەوەندە نەبێت کە ئەم یەکێتیە لەسەر هەمان بنەمای خێڵەکیی و هەمان شێوازی دابەشبوونی پارتی و یەکێتی دووکەرت بووە، ئەم یەکێتییە پاشقەڕۆیە هیچی نەبوو بۆ گووتن بەو بیانوەی دکتۆر کەمال نووسەر نیە. لەکاتێکدا شێوازی گرتن و حوکمدانی ئەو نووسەرەی ئەوان بە نووسەری نازانن زەنگێکی سامناکە بۆ گوێی ئەوانەی ڕاستییەکان دەڵێن، بەڵام وا دیارە بۆ ئەوان نا چونکە ئەوان زیاتر سەرقاڵی پەردەپۆشکردنی درۆن لە بەرگی ڕاستییدا. هاوکات ئەم یەکێتییانە لەبەرئەوە دکتۆر کەمال بە نووسەر نازانن گوایا جنێوفرۆشە، بەڵام خوێنەرێک کە بە ڕەوشی چەند ساڵی ڕابوردووی کوردستان ئاشنابێت دەزانێت کە زۆرترین ژمارەی ئەندامانی ئەم یەکێتییانەی

نووسەران ئەو پاڵەوانە جنێوفرۆشانەن کە ستوونەجنێویان لە ڕۆژنامەی حیزبە بەشەڕهاتوەکان بە قۆنتەرات دەگرت. نووسەری هۆشیار دەزانێت ئەم یەکێتییەی نووسەران لە کاتێکدا جنێوفرۆشێک لە کۆمەڵگا وەدەرەنێت هاوکات کۆڕی ڕێزگرتن بۆ شای جنێوفرۆشان دەبەستێت. گەلۆ چ هیوایەکمان بە یەکێتیی نووسەرانێک هەبێت کە گوولەبارانکردنی دیلەکانی شەڕی ناوخۆش ویژدانی بەئاگانەهێنانەوە و ئامێزی میهرەبانی حیزبیان بەجێنەهێشت؟ چ ئیومێدێکمان بەو یەکێتییانەی نووسەران هەبێت کە کۆی کردەی ڕۆشنبیرییان لە کۆڕ و فیستیڤاڵ و پێکگەیشتنی بارەکاندا کورتکردۆتەوە و هیچیان نیە لەسەر ئەو چەتەییە بیلێن کە لە هەناوی کۆمەڵگاکەیاندا دەکرێت؟ چ ڕێزیک لەو یەکێتییانەی نووسەران بگرین کە لەجیاتی ئەوەی لەسەر دارمانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتیی بێنە دەنگ بەشداریی چالاکانە لەو لەبەینبردنەی هەموو بەهاکاندا دەکەن؟ گەلۆ چ خۆشبەختییەکە و چ شەرەفێکە بۆ دکتۆر کەمال کە ئەم یەکێتییانە بە نووسەری نازانن!

لەو پرۆسە ناپاسایی و نائەخلاقییەدا کە هەوڵ دەدرێت "جنێوەکانی" دکتۆر کەمال وەک پۆزش بۆ زیندانییکردنی ناڕەوای و بۆ بێدەنگیی شەرمهێنی نووسەران بەکاربهێنرێت، قوربانیی وەک نەزان و جنێوفۆرش نمایش دەکرێت. ئەم پرۆسەی ئەتکردن و دابەزاندنەی مرۆڤی قوربانیی بۆ ئاستێک کە شایانی ئەوە نەبێت هیچی لەسەر بلێین شتێکی نامۆنیە بە کولتوری سەرکوتکردن.

بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو دۆریانەی نووسەرانی چڵکاوخۆری دەسەلات، کە بەناوی مافپەروەرەوە دایدەتاشن و پارێزگاریی لەو بڕیارە پێدەکەن کە دادگایەکی داخراو سەپاندی، وەرگێرانیی نووسینێک یان زیاتری خودی دکتۆر کە کە بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی باشترین ڕێگایە. نووسینێک کە ئاستی زمانەوانی، ئەکادەمی بوون و توانای نووسەر بەسن بۆ ئەوەی گەواهی بدەن بۆ ڕاستیی نووسەربوون و دڵسۆزی ئەو مرۆڤە، هاوکات دڵنیام کە هیچ کام لەو نەقیب و سەرۆکانەی یەکێتییەکانی نووسەران توانایان نیە دەقێکی لەم جۆرە بنووسن یان ئەگەر بشتوانن ناوێرن، ئاخر کاتێک نووسەر کەرامەتی مرۆڤایەتیی و وزەی ڕەخنەگرانەی خۆی کردە جنێونامە و وەک نەوت ئاگری شەڕی خۆکوژی پێخۆشکرد ئەگەر گەورەترین شاکار بنووسێت ویژدانی خۆی ئاسودە ناکات و کۆمەڵگاش لێینابوورێت. ئەو نووسەرانەی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان و لە کەناڵەکانی ئەلەڤزیۆنەوە لە نزمترین ئاستدا جنێویان بە حیزبی نەیار دەدا و خۆیان دەکردە بێ بەهاترین کۆتەرە بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕ، کۆمەڵێک نووسەرن کە شایانی هەموو شتێکن ڕێز نەبێت.

پەیامەکانی خودی دەسەڵاتی کوردیی پڕن لە پارادۆکس. بە دیوێکدا ئەم دەسەڵاتانە پێماندەڵێن دەبێت شتەکان لە ناوکۆیی دروستی خۆیاندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەدیوێکی تردا خۆیان ئامەدەنین هەمان کردار بکەن. ئەم دەسەڵاتانە دەڵێن ڕاستە گەندەڵیی هەیە بەڵام ئێوە ناڕەوان کە سەروەریەکانمان پشتگوێ دەخەن. بەواتایەکی تر دەسەلات و ڕۆشنبیرەکانی دەڵێن کە باس لە گەندەڵیی دەکەن باس لەو شەقام و باڵەخانانەش بکەن کە لە خزمەتتاندا قووتدەکرێنەوە، وەک ئەوەی ئەرکی هەر دەسەڵاتێک خزمەتکردن نەبێت، وەک بڵێیت ئەو پارانەی لەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەدا خەرج دەکرێن بەری ڕەنجی حیزبەکان بن. ڕەوایە بپرسین چما ئەم دەسەڵاتانە بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ قوربانییەکی وەک دکتۆر کەمالدا ناکەن، چما تەنها دوو ڕستە لەو نووسینە زۆرانەی بابەتی گرنگییان

ورژاندوە هەڵدەبژێرن بۆ سەرکوتکردنی؟ چۆنە ئەو ڕۆشنبیرانەی ڕقیان لە جنێوە لە خاڵی سێنتەری بابەتەکانی ناڕوانن کە باس لەو گەندەڵییە دەکات کە کۆی بەها کۆمەڵایەتییەکانمانی خستۆتە مەترسییەوە؟ یان ئەو عەقڵییەتە ناخەنە ژێر پرسیارەوە کە بەرهەمهێنی بێگوێیی دەسەڵات و بڵاوبوونەوەی کولتوری جنێوە، ئەو کولتورەی حیزبەکان زۆر چالاکانە دەیخەنەگەڕ بۆ تیرۆرکردنی کاراکتەری نەیارەکانیان؟

بە پێویستم زانی ئەم پێشەکییە درێژە بە جیا لە خودی نووسینەکەی دکتۆر کەمال سەید قادر بڵاوبکەمەوە، کە وتارێکی تا ئەندازەیەک درێژە. بێگومان من تەنها یەک وتارم لەو کۆمەڵە وتارە گرنگەی ئەو هەڵبژاردەوە کە دەکرێت بڵێین لە زۆربەیاندا پێش زەمەنەکەی خۆی کەوتوە. لە ڕۆژانی داهاتودا خودی بابەتەکە لە زۆربەی سایتەکان بڵاودەبێتەوە. ئەگەر کرا ئەوا وتارێکی دیکەش وەردەگێڕم.

ئۆکسفۆرد ئینگلاند
**06/01/07**